# زمناکۆی بورهان قانع: پێموایە ئەوەی بە کوردی پەتی دەنوسێت بە جەهلێکی پەتی و دۆگما دەیەوێت خۆی بکات بە شاعیر




پرۆفایل:

- ڕۆژی (**1978/5/21**) لە گەڕەکی تووی مەلیکی شاری سلێمانی لەدایکبووە.
- هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە زانستی جیۆلۆجیا لە کوردستان و بڕوانامەی خولێکی ڕۆژنامەنوسی لە وڵاتی لوبنان.
- زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی) دەزانێت.
- چوار کتێبی چاپکراوی لە بواری ئەدەبیاتدا هەیە و کتێبێکیش لە بواری ڕۆژنامەگەری.

- له زۆرترین شوێن کاری کردووەو بەبێ ئیستیقاله نوسین و بەبێ هیچ هۆکارێك وازی له هەمووی هێناوە.

- ئێستا فەرمانبەرە له بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی.

**دیمانە/ فریاد ئەحمەد**

**فریاد ئەحمەد: شیعر پرۆسەی نووسینەوەی خودە یان وێناکردنەوەی زمانە؟**

زمناکۆ بورهان قانع: یەعنی ئەمە سەرلەنوێ دەمانگێڕێتەوە بۆ پێناسەی شیعر کە ئەوەش له دیدی هەر شاعیرێکدا له نێو چوارچێوەیەکی تایبەتدا ئیشی لەسەر دەکرێت، دیارە پێناسەی (ئیدیس ستۆیل) جیاوازە له پێناسەی (شاملۆ) بۆ شیعر و (ئەدۆنیس)یش زۆر جودا تر له (نیما یوشیج)و (حسێن پەناهی) و (جان دەمۆ) پێناسەی شیعر دەکات، تۆ بڕوانە (بەدر شاکر سەییاب) کە لەژێر کاریگەری (ت.س. ئیلیەت) و حیزبی شیوعیدا له هەر قۆناغێکی ژیانە کورتەکەیدا بەجۆرێك پێناسەی شیعری کردووەو (کۆڵن ولسن)یش شیعر بە گەورەتر له خودی شاعیرەکە دەزانێت. لێرەوە دەتوانین بڵێین له قاڵبدانی شیعر له تەنها پێناسەیەکدا هەڵەیەکی گەورەیە. بە نیسبەت مەهام و وەزیفەی شیعریشەوە دەتوانم بڵێم کە لای هەر شاعیرێك ئەزمونەکەی دەبێتە دیاریکردنی ئەو مەهامە بەڵام ئەگەر رای خۆمت ئاراستە بکەم دەکرێت بڵێم سەرجەمی ئەو دەقە شیعرییانەی نوسیومە سەرلەنوێ نوسینەوەی خۆمەو خۆم بە تەواوی وجودم لە نێو تێکستەکاندا هەیە ئەگەرچی بە دیدگایەکی رەشبینانەوە دەڕوانمە ژیان بەڵام بەوپەڕی ئەدەب و ئەخلاقەوە ئەو زاراوە تاریك و پڕ له رەشبینییانەم بەکارهێناوەو هەرگیز نەمویستووە کەسێك هان بدەم و پەلکێشیبکەم روەو دونیای موعتاد بوون و خۆکوشتن، من کاتێك پێش

بڵاوکردنەوەی هەر دەقێکم دەقەکە دەخوێنمەوە دەستبەجێ وتەیەکی (کافکا)م بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت: (من لەناو تێکستەکانی خۆمدا دیارم، تەنانەت ئەگەر دەم و چاوی خۆشم بڕنم) کەواتە ئەمە سەرلەنوێ کۆمەکم دەکات بۆ ئەوەی پێت بڵێم لای من وەزیفەی سەرەکی شیعر بریتییە لە پرۆسەی نوسینەوەی خود. بە نیسبەت بەشی دووەمی پرسیارەکە کە ئایا وێناکردنەوەی زمانە؟ دەمەوێت بڵێم (ئەگەرچی چەند جارێکیش باسم کردووە) چوار مقەوماتی سەرەکی لە شیعردا دەبینمەوە، ئەوانیش زمان و مۆسیقییەت و فیکر و وێنەی شیعریین، لەنێو هەمووشیاندا بایەخی سەرەکی من بۆ زمان بووەو وا بزانم تاکە شاعیرێکم کە زۆرترین وشەی فارسی و عەرەبی لە شیعرەکانمدا وجودیان هەیە، ئاخر ئەزیزم شیعر بۆ خۆی یاریکردنە بە وشە، تۆش جارێك واز لەو نەخوێندەوارانە بهێنە کە دەڵێن نابێت وشەی فارسی و عەربی لە شیعری کوردیدا هەبن چونکە ئەوانە نوکتەی سەقافی دەکەن. پێموایە ئەوەی بە کوردی پەتی دەنوسێت بە جەهلێکی پەتی و دۆگما دەیەوێت خۆی بکات بە شاعیر، من زۆر خەفەت بەو نوسینە بێ مەعنایانە دەخۆم کە کۆمەڵێك داماو لە ژێر ناوی شیعردا بڵاوی دەکەنەوەو سایت و رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکانیان کردووە بە مەهزەلە، هەمیشە ویستومە کەسانی نوخبەو بژاردە شیعرەکانم بخوێننەوە، بە ڕای من ئەو شاعیرەی کە هەموو چینەکانی کۆمەڵ بە دڵیان بێت شاعیرێکی گەمژەو فاشیلە و دەبێت بە حەزەرەوە تەماشای ئیشەکانی بکەین بە تایبەتی کۆمەڵێك قژ بژ دروستبون کە هەر لە شاعیر ناچن (بە پێکەنینێکەوە) لە پاڵ ئەوانەشدا کەسانێك هەن دیوانی (400) لاپەڕەیی بڵاودەکەنەوەو کەچی لە هیچ نەوتن زیاتر هیچی تریان نەنوسیوە، بەڕاستی لە سەرێکەوە ئەوانەش لێهاتون کە دەتوانن (400) لاپەڕە قسەی حەلەق و مەلەق ریز بکەن و ناهێڵن کاڵ بێتەوە قسەکانیان، هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە کە هەمیشە دەمەوێت بە کەمی بنوسم و ڕێزی شیعرو ئەدەب بگرم چونکە بەشێکی زۆری ژیانی خۆم تەنها بۆ ئەدەب تەرخانکردووەو پێمناخۆشە ڕێزی ئەو

کایەیە نەگرم. دواجار بە گەڕانەوە بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت هایدگەر گوتەنی منیش دەڵێم زمان ماڵی بوونە.

**فریاد ئەحمەد: تاچەند یۆتۆپیاکانی زمان توانای بنیاتنانی ڕەهەندە فانتازیاکانی بوونیان هەیە؟**

زمناکۆ بورهان قانع: لە پێش ئەوەدا بیرمان نەچێت لە ئەدەبدا زمان یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی شیعرو هەر لەرێگەی ئەو ئەزمونە شیعرییەی کە شاعیرێك هەیەتی و لەرێگەی خوێندنەوەی شیعرێکییەوە هەست بە قورسی و لاوازی زمانەکەی دەکەیت، شاعیرێك ئەگەر نەتوانێت تەعبیر لە بوون و حاڵەتی کەینونی خۆی بکات ئەوا بێشك کەسێکی لە پەلوپۆ کەوتووەو بچێت ئیشێکی تر بکات باشترە وەك لە شیعر نوسین. بەنیسبەت وشەی یۆتۆپیاوە پێمباشە پێشتر کورتەیەکی مێژویی سەبارەت بەو وشەیە باس بکەم ئەویش سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتون و کتێبی کۆمارەکەی، هەرچەندە یەکەمین دەرکەوتنی وشەکە بە گوێی خوێنەراندا لە رێگەی کتێبی یۆتۆپیای (تۆماس مۆر)ەوە بوو، دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە لە نێو نوسەراندا زۆرجار تێکەڵکردنێك لە نێوان هەردوو زاراوەی ئینگلیزی (utopia) و زاراوە ئیغریقییە کۆنەکانی وەك (Ou-topos) کە بە مانای ناشوێن دێت لەگەڵ (eu-topos) کە بەمانای شوێنی خێر و فەزیلەت دێت دەبینرێت. وشەی یۆتۆپیا لە بناغەدا بە مەفاهیم و ماناگەلێکی پەیوەندددار بە ئەحکامی بەها رەها و رێژەییەکان دێت بەڵام مانای راستەقینەی ئەو تێرمە دەکرێت بەو حاڵەتە تەندروستە دابنرێت کە دۆخی سائیدی ئێستا لەسەری بڕوات. ئەگەر هاتوو زمان لە نێو ئەو دۆخەدا وەزیفەیەکی مەعریفی هەبێت ئەوا دەتوانێت ئەو رەهەندانە بونیات بنێت کە باسیان لێوە دەکەیت، لاکین بەبێ بونی وەزیفەیەکی لەوجۆرە ئیشکردن لەسەر ئەو فەنتازیاو سیحرو چوارچێوەیە دەبێتە کارێکی

گران، پێموایە (هایدگەر)ی فەیلەسوف گەورەترین کۆنێکشنی لەنێوان هەردوو مەفهومی زمان و بووندا دروستکردووەو یەکەمیان بە ماڵی دووەمیان دادەنێت.

**فریاد ئەحمەد: ئایا شیعر بۆ ئەوەی تازەگەر بێت پێویستی بە نووسینی مانیفێستی شیعریی هەیە؟**

زمناکۆ بورهان قانع: بە هیچ جۆرێك قەناعەتم بە دەرکردنی بەیاننامە و مانیفێست و گروپ و دەستەو تاقمگەرایی و هیچ مەدرەسەیەکی شیعری نییە هەتاکو بمەوێت شوناسی تازەگەری ببەخشم بە دەقێك یاخود تێکستێك، چونکە ئەوە شیعر خۆیەتی کە لە هەناو و منداڵدانی خۆیدا کاژی ژمارەیەکی بێ کۆتا لە پێناسە فڕێدەدات و دەتوانێت تازەگەر بێت نەك ئەوەی نوسینەوەی مانیفێستێکی شیعری ئەو شوناسە ببەخشێت. شیعر بۆئەوەی رام و دەستەمۆ نەکرێت دەبێتە کۆدێتا گێڕ بێت و هەرکاتێك توانای ئەو ریڤێرسیۆنەی هەبێت بێگومان تازەگەر دەبێت. پێم سەیرە ئەگەر نوسەران و روناکبیران بێن خۆیان بە پێناسەیەکی چوارچێوە بۆ دانراوی قوتابخانەیەکەوە ببەستنەوەو خۆیان نەتوانن پێناسەی تایبەتیان هەبێت لە کاتێکدا لەنێو شیعردا (ئیدیس ستۆیل) گوتەنی جێگەی شێرو پەپولە دەبێتەوە. دەکرێت شیعر تازەگەر بێت و لە رووی مێژوییشەوە لەپێش دروستبونی کۆمەڵێك مەدارسی شیعریشەوە نوسرابێت و لێوانلێو بێت لە ئەفکاری نوێگەری. دواجار ئیتر ئەوە وەزیفەی شاعیرە کە چۆن لەو کردەیە دەڕوانێت و چۆن لەنێو چوارچێوەی ئەو نوێگەرییەدا ئەفراندن دەخوڵقێنێت و بەردەوام پرۆسەی نوسینەوەی شیعر لە هەناویدا نوێدەکاتەوەو فۆرمێکی تر دەبەخشێتە ئیشەکانی پێشووتری.

**فریاد ئەحمەد: بۆچی ڕەخنەی کوردی ناتوانێت لەئاست تێکستە شیعریەکان گفتوگۆ بخوڵقێنێ؟**

زمناکۆ بورهان قانع: ئاخر فریاد گیان ڕەخنەی کوردی هێندەی دابەزینە بۆسەر شەخسیەت و کارەکتەری شاعیرەکە هێندە قسەی جیددی نییە لەسەر لایەنە پەنهان و شاردراوەکانی تێکستەکە یاخود ئەو ڕوئیایەی شاعیر کە شیعرەکەی پێدەنوسێت. ڕەخنەگری ئێمە ئێستاشی لەسەر بێت تەنها وەسفی ئەو شاعیرانە دەکەن کە پێکەوە هاوڕێن و شەوانە لە مەیخانەیەکدا بەڵێن بەیەك دەدەن کە بۆ بەیانی یان ڕۆژی دواتر وتارێکی خۆی گوتەنی (جوانی) لەسەر بنوسێت کە ئەمانەش کاتێك دەستەکەیان لای خوێنەری هۆشیار کەشف دەبێت ئیدی نوسینەکانیان هەتیو دەکەون و دەخرێنە پەراوێزەوە. لایەنێکی تری ئەوەی کە من بۆ خۆم بە هیچ جۆرێك ئارەزووی خوێندنەوەی ڕەخنەی کوردی ناکەم ئەوەیە ئەوانەی کە لەو بوارەدا کار دەکەن زمان نازانن و هەموو سەرچاوەکانیان تەنها زمانی کوردییە (دیارە لێرەدا مەبەست لە هەمووان نییە). نوسەرو ڕەخنەگرانی ئێمە دەبێت هیچ نەبێت زمانەکانی فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی بزانن یان هەر هیچ نەبێت بەوپەڕی ئەخلاقەوە ئاماژە بە چەند سەرچاوەیەکی زمانی بێگانە بدەن چونکە ئاماژەدان بەو سەرچاوانە نوسینەکەی ئەو ڕەخنەگرە مەوسوق تر دەکات و خوێنەر دڵی بەوە خۆش دەبێت کە ڕەخنەگرەکە چەند زمانێك دەزانێت و ئاگاداری فەرهەنگ و کەلتورو کایەی ڕۆشنبیری گەلانی ترەو لەخۆیەوە قسەی زل و باق و بریق فڕێ نادات، پاشان من پێم سەیرە بەشێکی هەرە زۆری نوسەرانی ئێمە لە خۆیانەوە وتار دەنوسن بەبێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوە بدەن!!.. دەبێت ئەوەش بزانین کە گفتوگۆ دروستکردن لە دەوری ڕەخنەیەکی ئەدەبی هەروا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بە مەرجێك گفتوگۆکە قسەی جیددی تێدا بکرێت نەك تەنها کۆمەڵێك دەست و پێ سپی پێشوەخت بەڵێنی ئەوە بەیەك بدەن کە هەرجارەو لەنێو خۆیاندا قسە لەسەر تێکستێکی هاوڕێکەیان بکەن و تەنها سەرچاوەی قسەو نوسینەکانیشیان زمانی کوردی بێت کە پێدەچێت یەکێك بێت لە هەرە زمانە هەژارەکانی دونیا.

**فریـاد ئەحمـەد: کەسـانێك بۆچـوونیان وایـە کـە میتۆدەکـانی وەکـو بونیادگـەری و هەڵوەشاندنەوەو سیمیۆلۆژیا توانای خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی کوردیان هەیە، ئایا ئەو بۆچوونە ڕەوایەتی خۆی وەرگرتووە یاخود گوزارشت لەهەژاریەکی مەعریفی دەکات؟**

زمناکۆ بورهان قانع: بەپێی پرسیارەکەی ئێوە ئەگەر کەسانێك هەبن ئەو بۆچونەیان هەبێت من پێموانییە کە هەڵەیان کردبێت بەڵکو تێگەیشتنێکی دروستە چونکە ئەگەر کەسێك هەبێت لەرێگەی میتۆدی بونیادگەری یاخود فەلسەفەی هەڵوەشانەوە یان زانستی سیمیۆلۆژیاوە خوێندنەوە بۆ شیعری کلاسیك بکات تەسەور دەکەم بتوانێت بەشێوەیەکی قوڵ و گونجاو فیکرەی خۆی تەرح بکات بەو مەرجەی لە فەلسەفەی هەڵوەشانەوەدا بە تەواوی ئاگاداری (جاك درێدا) بێت و لە زانستی سیمیۆلۆژیادا هۆشیاری سەبارەت بە نوسینەکانی (فێردیناند دی سۆسێر) هەبێت و هەرچی بونیادگەرییشە ئاگاداربون لە رەخنەگرێکی وەکو (رولان بارت) بەکارێکی پێویستی دەزانم. شیعری کلاسیکی کوردی گەورەترین و پڕ بەهاترین گەنجینەی ئەدەبی ئێمەیە هەر بۆیە بۆ راڤەکردنی ئەو فیکرە قوڵەی لە شیعرەکانی (مەحوی، قانع، نالی، مەولەوی، ئەدەب، حەریق، فەقێ تەیران، سەی یاقۆ، بابا تاهیری عوریان، ... هتد)دا هەیە ئاگاداربون لە سەرجەم مەدرەسە فیکری و فەلسەفییەکان گرنگی خۆی دەبێت، ئەمە نەك هەر بۆ شیعری کلاسیك بەڵکو بۆ ئەو شێوە سائیدەی کە ئێستاش شیعری پێدەنوسرێت هەر بە کارێکی پێویستی دەزانم. کەواتە رەخنەگر بۆ دەوڵەمەندکردنی رەخنەکەی لەسەریەتی کە بە وردی ئاگاداری ئەو قوتابخانە فیکری و فەلسەفیانە بێت و ئەو ئاگاداربونەش رەخنەکەی قوڵتر و بەپێزتر دەکات و بە دڵنیاییشەوە هەریەك لەو قوتابخانانە توانای ئەو خوێندنەوەو راڤەکردنەیان هەیە چونکە پێش کۆتایی هێنان بە وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ریلەیشنێکی بەردەوام هەیە لەنێوان هەریەك لە فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوەو میتۆدی بونیادگەری بەجۆرێك کە هەڵوەشاندنەوە لە بناغەدا بە ئاراستەی رەخنەیەکدا هەنگاو دەنێت کە تەرحێکی بونیادگەری لەخۆگرتبێت و نکوڵی لە هەبونی مانایەکی جێگیری

مەنزومەی تێکست دەکات چونکە بەردەوام هەوڵی گۆڕینی کۆریدۆری دەسەڵاتی دەلالی تێکست دەدات بۆ حەرەکەی دال، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە درێدا لە پرۆژە رەخنەییەکەی خۆیدا کۆمەڵێك موعتەیاتی رەخنەیی دەدات بە خوێنەر کە خۆیان لە (جیاوازی، رەخنەی سێنتەری، تیۆرەی یاریکردن (کردار)، زانستی نوسینەوە،و ئامادەگی و غیاب) دەبیننەوە، دواجار ئەمانەش هەموویان کۆمەڵە سیاغەیەکن بەشداری دەکەن لە دۆزینەوەی ماوەرائییەکانی زمان و ستراکتورەکان یاخود بەجۆرێکی تر بۆ کەشفکردنی (مێتا– لانگویج) کار دەکەن و دەبێت ئەوەش بزانین کە هەڵوەشاندنەوە تیۆرەیەکی رەخنەگرانەی گشتگیرە بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئەو تێکستە فەلسەفی و مەعریفی و رۆشنبیری و ئیبداعییە هەمەجۆرانەی کە روبەروی پرۆسەیەکی پڕ لە گرێ و گۆڵە دەبنەوە لە ئەنجامی دروستبونی دەقئاوێزانی لەگەڵ دەقێکی تردا، کە من بۆ خۆم پێموایە لە شیعری کلاسیکی ئێمەدا ئەو حاڵەتانە بونیان هەیە و دەگمەن نین.

**فریاد ئەحمەد: ئەو نەوەیە زیاتر بایەخ بە خوێندنەوەی تێکستە کلاسیکیەکان دەدات کەچی نەیتوانیوە ئەزموونی تایبەت بەخۆی بەرهەم بێنێت، ئەوە ترسە لەئیلتیزامی ئەخلاقی شیعر یا کەمی ئەزموونە؟**

زمناکۆ بورهان قانع: بەپێی ئەوەی کە من ئاگادار بم باوەڕناکەم زۆرینەی شاعیرە گەنجەکانمان ترسیان هەبێت لە ئیلتیزامی ئەخلاقی، نەك ئەوە تەنانەت بەشێکی زۆریشیان لە خۆیانەوە جوملەو قسە ریز دەکەن و ناوی دەنێن شیعر، دیارە لێرەدا مەبەستم لە هەموان نییە چونکە تاقەتی شەڕەقسەی قۆڕو بێ مانای هەندێك بێ ئیشم نییە کە سایت و گۆڤارو رۆژنامەکانیان پڕ کردۆتەوە، خۆشبەختانە دورم لەو ئەتمۆسفیرە ناشرینەی بۆ شەڕە قسە تەرخاندەکرێت و شتی جیددی تێدا ناوترێت. ئەگەر بزانیت لە سەرەتای ئەم وەڵامەدا وتم (زۆرینە) کەواتە نوخبەیەکیش هەیە ئەو ئیلتیزامە ئەخلاقییەی هەبێت بەڵام سەبارەت بەوەی کە نەیتوانیوە ئەزمونی تایبەت بەخۆی من وا هەست

دەکەم کە ئەوانە ئارەزوو دەکەن بەردەوام بەشێوەیەکی تەقلیدی ئیش بکەن، من ئەگەرچی کەمترین شیعر دەنوسم بەڵام لەو چەند دەقەدا کە نوسیومە هەوڵمداوە لە هیچ شاعیرێکی پێش خۆم نەچم و خۆشبەختانەش هەر بەوجۆرە بووە. لە نەوەکەی خۆشمدا هەتا ئێستاش شاعیرمان هەیە حەز دەکات یەکێك لە شاعیرەکانی پێش خۆی پێشەکی دیوانە شیعرییەکەی بۆ بنوسێت و بێگومان ئەو شاعیرەش وەك هاندانێك لە پێشەکییەکەدا وەسفی دەکات کە ئەمەش سەرەتایەکە بۆ لەخۆبایی بونی ئەو گەنجە و کوشتنی تواناکانی. دروستکردنی ئەزمونی شیعریی هەروا کارێکی ئاسان نییەو پێویستی بە خوێندنەوەو ئاگاداربونە لە دەیان مەدرەسەی شیعری و تەنها لە نوسینەوەی دەقێکدا وەدەر ناکەوێت، لەلایەکی ترەوە تۆ بۆ ئەوەی ئەزمونێکت هەبێت دەبێت بەردەوام لە سەفەردا بیت و لەنێو جۆرێك لە حاڵەتی تەسەوف و عیرفانیدا هەڵبکەیت، ئەگەرچی وەك وتم دەقەکانی من کەمن (کە هەر خۆم حەز بە کەم نوسین دەکەم) بەڵام زۆربەیان هەریەکەی لە پایتەخت و شارێکی وەك (عەممان، بەیروت، دیمەشق، تاران، ئەستەنبوڵ، سلێمانی،...هتد) نوسراون و زۆرترین جوگرافیایان دیوە، هەتا ئێستاش چەند جارێك (ناڵێم زۆر) جوملەو وێنەی شیعری خۆمم لە شیعری شاعیرە گەنجەکاندا بەدی کردووەو لەرووم نەهاتووە قسەیەك لەوبارەیەوە بکەم بگرە خۆشحاڵیشی کردووم ئەگەرچی ئاماژەی بە دەقەکەی من نەداوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ناوێرم بەخۆم بڵێم ئەزمونم هەیە، چونکە ئەوە بێ ئەدەبییە بە شیعر چونکە هەروەك وتراوە قسەی شاعیر قسەی کەسێکە خۆی خستۆتە مەترسییەوە پاشان دەمەوێت ئەوەت پێبڵێم کە بایەخدان بە خوێندنەوەی دەقە کلاسیکییەکان بە کارێکی سلبی نازانم و هەموو نوێگەرییەکیش لەنێو مندالدانی تەقلیددا وێڵاشی خۆی دەبڕێت.

**فریاد ئەحمەد: کاریگەری زمانی شیعریی لەهەر قۆناغێکدا وای کردووە خاسیەتەکانی جیاوازبوون وون بێت، ئەو کاریگەریە تا چ ئاستێك لەسەر شیعریی تۆ بوونی هەیە؟**

زمناكۆ بورهان قانع: پێدەچێت پێشتر چەند جارێکیش ئەوەم وتبێت کە زۆرترین بایەخی من لەنێو مقەوماتەکانی شیعردا بۆ زمان بێت، خۆشترین یاری بەلای منەوە لەدوای تۆپ تۆپێن بریتییە لە یاریکردن بە وشە لە شیعردا، ئەو یاریکردنەش ئاسان نییە دەبێت فەرهەنگێکی باش لە وشە لە کاتی شیعر نوسیندا لە زیهنتدا بونی هەبێت. بەپێی ئەوەی لە نێو بنەماڵەیەکی ئەدەبیدا پەروەردە بووم کە خۆشبەختانە زۆربەمان ئاگاداری دونیای شیعرین، توانیومە زۆرترین سود لە زمانی شیعری باپیرم و کتێبە وەرگێڕدراوەکانی باوکم وەربگرم. من لێرەشدا داوای لێبوردن لەو خوێنەرانە دەکەم کە ناتوانن بەشێوەیەکی ئاسان لە شیعرەکانم تێبگەن، چونکە لە راستیدا ناتوانم سادەگۆ بم و دەقێکم بۆ نانوسرێت کە هەموو کەس لێی تێبگات و ئارەزووی خوێندنەوەی بکات لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شێوازی نوسینەو ئەو زمانەی کە پێی دەنوسم بۆ ئەوە نییە کە تۆی خوێنەر بە من بڵێیت تۆ بە شێوەیەکی جیاواز لە شاعیرانی نەوەی خۆت دەنوسیت... نا.. هەرگیز نا.. من ئارەزووی پیاهەڵدانێکی لەوجۆرە ناکەم، بەڵکو هەمووان دەتوانن هەریەك بەجۆرێك شێوازی نوسینی خۆی تەرح بکات، بەڵام وەك لە وەڵامەکانی پێشوتردا وتم خۆشبەختانە من لە نوسیندا لە خۆم دەچم و نەمویستووە تەقلیدی کەس بکەم. سەبارەت بە لایەنێکی تری پرسیارەکەت دەڵێم فاکتەری سەرەکی لە ونبونی خاسیەتی جیاوازبوندا (بێگومان لە روی زمانەوە) دەگەڕێتەوە بۆ زەمەن، چونکە لە هەر سەردەم و زەمانێکدا نەك زمانی شیعری بەڵکو زمانی قسەکردنی ناو بازاڕیش دەگۆڕیت، تۆ بڕوانە لە راپەڕینەکەی ساڵی 1991دا ئەو زمانەی کە خەڵك لە بازاڕدا قسەی پێدەکرد هەمان ئەو زمانەی ئێستا نییە کە ئێمە قسەی پێدەکەین، چونکە چەندین موفرەدەی فارسی و ئینگلیزی و عەرەبی داخڵی زمانەکەمان بووە کە شێوە زارێکی تایبەتیان خوڵقاندووە. کەواتە زەمەن فاکتەرێکی سەرەکییە لە کوشتنی خاسیەتی جیاوازبونداو بێگومان وەك هەر شاعیرێکی دی منیش ئەو لایەنە کاریگەری دەبێت لەسەرم.

**فریاد ئەحمەد: نووسین بە فۆڕمێکی تازە و وشەی کلاسیک، کە ئێستا تۆ بەو جۆرە دەنووسیت تەنها هەڵبژاردنێکی ساتی بوو یان یان پرۆژەیەکی درێژ خایەنە و ماهیەتی خۆی هەیە؟**

زمناکۆ بورهان قانع: دڵنیابە بەشی دووەمی پرسیارەکەت هەمان ئەو وەڵامەیە کە من خۆم بۆ ئامادەکردبوو، بێگومان ئەو شێوازی نوسینە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لای من و پێدەچێت بەشێك لە هۆکارەکانی بۆ کاریگەری شیعرەکانی باپیرم بێت لەسەر من. پاشان وەك وتم ئەدەبی کلاسیك گەوهەرێکی گرانبەهای ئێمەیەو لە ئێستاشدا بەردەوام دەچمەوە سەر خوێندنەوەی هەندێك دەقی کلاسیك، بە تایبەتی ئەو دەقانەی کە فیکرەیەکی قوڵیان تێدا بەدیدەکرێت. پێش تۆش هەندێك چیرۆکنوس و شاعیری هاوڕێم بە ئیمەیڵ ئەو خاڵەیان بۆ باسکردووم و تەنانەت سەرسامی ئەو شێوازی نوسینەش بوون، بەڵام دەمەوێت ئەوەت لێنەشارمەوە کە جۆرێك لە دەستی ئەنقەست هەیە لەو شێوازی نوسینەداو هەمیشە ویستومە جۆرێك لە کۆنێکشن لەنێوان ئەو فۆڕمە تازەیەی شیعری ئێستاو شیعری کلاسیکدا دروستبکەم. ئەم شێوازی نوسینە ئەگەرچی قورسە بەڵام خۆم لەگەڵیدا راهێناوەو هەتاکو ئێستا بەردەوامم لەسەری و ئەم بەردەوام بونەش ئەوە دەسەلمێنێت ئەو رێچکەیە ماهیەتێکی تایبەتی هەیە لەلای من.

**فریاد ئەحمەد: شیعرەکانت بەجۆرێك غەریزەیەکی قوڵی مەرگدۆستیان تێدایە، ئایا ئەو مەرگدۆستیە لە روحتەوە سەرچاوە دەگرێت یان تەنها لە وشەکانتدا بوونیان هەیە؟**

زمناکۆ بورهان قانع: دڵنیابە هیچ شیعرێك نانوسم کە لە روحمەوە سەرچاوەی نەگرتبێت و لە زیهنی مندا یاری نەکات. ئەو غەریزە مەرگدۆستییە تەنها لە شیعرەکانمدا وجودیان نییە، بەڵکو ژیانی تایبەتی خۆشم لێوانلێوە لە مەرگدۆستی، پێدەچێت ئەمە کارێکی باش نەبێت بەڵام تازە بەوجۆرە هاتووە ئیدی من بڵێم چی؟. تۆ بڕوانە کاتێك لە تەمەنی حەوتساڵیدا لەرێی سلێمانی– هەولێر بە کارەساتی ئۆتۆمبێل مەرگی باوکم بینی و بە

یەکجاری ماڵئاوایی لێکردم (کە خۆم لەو کارەساتەدا بووم) باوەڕ بکە بینینی تەرمەکەی لەسەر کاشی خەستەخانەی کۆیە کە هەموو کاشییەکانی سور کردبوو بە خوێن، لەو منداڵییەدا زۆر شتی لەبەرچاوی مندا بێ مانا کردو هەست کردن بە عەبەس لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیدا لای من دروست بوو. منیش وەك هەموو منداڵێك ئارەزووم دەکرد یاریم لەگەڵ باوکم بکردایەو رۆژانە چکلێت و بنێشت و تۆپی یاری بۆ بکڕیمایە، بەڵام ئەو شتانە تەنها بۆ ماوەیەکی کەم بون و مەرگی باوکم نەیهێشت بە تەواوی تێر بم لێیان. لە منداڵیدا نەمدەزانی دوای مردن باوکم بۆ کوێ دەبەن، بەڵام هەر حەزم دەکرد بڕۆم لەگەڵیدا تەنانەت بۆ ناو قەبریش، ئەوە یەکەمین لەحزەی مەرگدۆستی من بوو. دواتر لە سەرەتای لاوێتیمدا برایەکی گەنج و جوانم هەر بە کارەساتی ئۆتۆمبێل لە دەستدا و ئیتر لێرەوە بە تەواوی کارەسات دەستی پێکرد و هیچ ئارەزوویەکم بۆ ژیان نەما، پاشان لە دەستدانی کۆمەڵێك برادەری ئازیزم لە رێی خۆکوشتنیانەوە ژیانیان لەبەرچاو خستم. بۆ نەگبەتی هەتاکو تەمەنی بیست و دوو ساڵی هەرچی ئەزمونی ناخۆش هەبوو بینیم، ئیتر وەرە پێم بڵێ ئەو شیعرانەی کە نوسیومن مەگەر هەموو وشەکانی بەر روحم نەکەوتون؟ تۆ تەسەور ناکەی بە چ ئازارێکەوە کۆتایی بە نوسینی شیعرێك دەهێنم کە هەستدەکەم بە بارتەقای ئازاری منداڵبونێك ئازارم هەبێت، بەڵام بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئازارە هانا بۆ مەشروب دەبەم و بە مەست بونیشم دەچمە سەر حاڵەتێکی پڕ لە سکون. دەمەوێت ئەوەشت پێبڵێم کە ئارەزووی ئەوە ناکەم هیچ گەنجێك بە نائومێدی ببینم و کەسیش هان نادەم بۆ دونیای مەرگدۆستی و عەدەمییەت، پاشان لە روی کاریگەری نوسینیشەوە کتێبەکانی (حسێن پەناهی)و بەشێك لە شیعرەکانی (سەییاب)یش ئەو ئارەزووە مەرگدۆستانەیان تێدا بووەو زۆرجار بە گریانەوە خوێندومەتەوە ئەگەرچی هیوادارم هیچ کەسێك (پەناهی) نەناسێت، چونکە شاعیرێکی ترسناکەو ترس و خۆفێکی گەورە دەخاتە دڵی خوێنەرەوەو بەخوێندنەوەی هەست بە کاولبونی خۆم دەکەم و ئارەزوویەکی شێتانەم بۆ رشانەوە دەبێت.

**فریاد ئەحمەد: ئایا سادقی هیدایەت چ کاریگەرییەکی لەسەر تاریکبینی زمناکۆی بورهان قانع هەیە؟**

زمناکۆ بورهان قانع: وای خودایە!!.. کاریگەرییەکە هەر زۆر کوشندەو جوانیشە. من هەتا ئێستا دڵم بەوە خۆشە کە هیچ دەقێکی هیدایەتم وەك شیعر چنگ نەکەوتووە دەنا ئەگەر ئەو مرۆڤە مەزنە دیوانە شیعری هەبووایە رەوشەکە ترسناکتر دەبوو. ئێستاش رۆمانی (کوندەپەپوی کوێر)ی ئەو زاتە بە ترسناکترین کتێبی کتێبخانەی فارسی دەزانم و ساڵانێکی زۆریش ئەو کتێبە لە تاراندا قەدەغە بوو بە حوکمی ئەوەی گەنجێکی زۆر هەبوون لە ژێر کاریگەری ئەو کتێبەو نوسینەکانی تری سادقدا گیرۆدە بوون و خۆیان کوشت، بەڵام خۆشبەختانە لەساڵی 2007دا توانیم لە تاران چەند نوسخەیەکی ئەو کتێبەو هەندێك کتێبی تری بکڕم. هیدایەت لەو رۆمانەدا (ئەگەر چی هەندێك کەس نایخاتە خانەی رۆمانەوەو بە چیرۆك وەسفی دەکەن) زیاتر وەك سایکۆلۆژیستێك کاری لەسەر رەشبینی کردووە، کاریگەری ئەو پیاوە لەسەر من هێندە زۆر بووە لە راستیدا نازانم باسی چ شتێکی بکەم. خۆزگە دەمتوانی رۆژێك کتێبخانەیەکی گەورە یان خانەیەکی روناکبیری گەورە بەناوی هیدایەتەوە بکەمەوە ئەگەرچی لە ئەڵمانیا (عەباسی مەعروفی) خانەیەکی لەوجۆرەی هەیەو ئەویش لەژێر کاریگەری سادقدا بوو بە عەباسی مەعروفی. کاتێك چیرۆکی (تاریکخانە) دەخوێنمەوە ئیدی وا هەست دەکەم هەر بە جەستە لەم ژیانەدا وجودم هەیە، چونکە بەشێوەیەکی هێندە هونەرمەندانە نوسیویەتی خوێنەر وا هەستدەکات کە لە دەرەوەی چیرۆکەکە کێشی سفرەو دەبێتە کارەکتەرێکی راستەقینەی ناو چیرۆکەکە. نەك هەر تاریکخانە بەڵکو زۆربەی چیرۆکەکانی هەر بەو جۆرەن و لەپاڵ نوسینەکانیدا شێتییەکی جوانی هیدایەت خۆی حەشارداوەو هیچ نەبێت پڕیشکێکی ئەو شێتیەش بەر من کەوتووە. من هەندێکجار کە هەڵسوکەوتی ژیانی رۆژانەی هیدایەت و شێوازی کتێب خوێندنەوە پڕ لە شێتییەکەی ئەوم وەبیر دەکەوێتەوە قاقایەکی بەرز لێدەدەم و بەتەواوی دەتریقێمەوە لە پێکەنیندا، ئەو مرۆڤە گاڵتەی بە هەموو بەهاکانی

ژیـان هـاتووەو بـەردەوام ڕەخنـەی تونـدی لـە مرۆڤـە نیـازخراپ و چاوچـنۆك و دەسەڵاتدارەكان گرتووە، ئـەو نـەیتوانی ڕیتمـی ئـەو ژیانـە تێكچووەی كـە تێیـدا دەژیـا بخاتەوە سەر سیككەی جارانی، هیدایەت لە دونیای زیندوان و مردوانیش بێزار بوو، بەڵام لەپاڵ هەموو ئەوانەشدا ئیختیـاری مـەرگی بـەلاوە پەسـەندتر بـوو. هـەروەكو چۆن هـیچ وێنەیەكی (كافكا) نادۆزیتەوە كە تێیدا پێبكەنێت بەو چەشنەش هـیچ وێنەیـەكی سـادقی هیدایەتت وە چنگ ناكەوێت كە تێیدا بێجگـە لـە جلوبـەرگی ڕەش هـیچ پۆشـاكێكی تـری پۆشی بێت، مەگەر تەنها ئەو ساتانە نەبێت كە منداڵ بـووە. مـن زۆر بـە وردی سـەرنجی جلە ڕەشەكانی هیدایەت دەدەم، جلەكانی وەك كارەكتەری ناو چـیرۆكەكانی تاریـك و دڵ مردون، بیرمان نەچـێت تـەنها لـە چـەند وێنەیـەكی كەمـدا لەگـەڵ (بـوزورگی عەلـەوی)دا بزەیەكی ساردو سڕی هیدایـەتمان دەسـت دەكـەوێت. هیدایـەت بـەردەوام ئـارەزووی لـە مەرگ هەبووە، چوزانم!!.. كـێ ناڵێـت دونیـای مـردوان خۆشـتر نییـە؟ بێگومـان دیـارە خۆشترە، چونكە هەر كەسێك ڕۆشت نەمانبینی بێتەوە. هیدایەت سەرەڕای چیرۆكنوسین نیگاركێشێكی زۆر بە سەلیقە بوو، حەزی بە یاری كۆنكەن و تاوڵـەش دەكـرد، سـەرەڕای سواربونی بەلەم، بەڵام ئەوانە حەزێكی كـاتی بـوون حـەزی پـڕ لـە سـەرمەدی ئـەو تـەنها مەرگ بوو. ئیتر با بەس بێت چونكە كاریگەرییەكە زۆر قوڵـەو هیدایـەت سـیمبوڵی هـەموو جوانییەكە لای من. بەداخەوە فریا نەكەوت نۆبڵ وەربگرێت و لە 48 ساڵیدا خۆی كوشت.

**فریاد ئەحمەد: داریوش چی بە تۆ بەخشی؟ ئایا ساتە وجودیـەكانی داریـوش توانـای ئەوەیان هەبوو بتگوازنەوە بۆ ئەو دنیایە؟**

زمناكۆ بورهـان قـانع: داریـوش بەوپـەڕی تـەناقوزو پارادۆكسیەتەوە ئیشـی لەسـەر مـن كردووە، بە دیوێكدا وێرانی كردووەو بەدیوەكەی تردا سەر ڕێژی كردووم لە ئومێد. من بۆ خۆشم لەو سیحرەی ئەو كابرایە تێناگەم، ناسینی مـن بـۆ ئـەو لەچـاو تەمەنەكەمـدا (كـە هێندە زۆر نییە) مێژوویەكی تۆزێك دوورو درێژی هەیە. ئاخر ئەزیزم هـاواری داریـوش بـۆ

جۆرێکە لە نائومێدی کە لە ئومێدەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو هونەرمەندە مەزنە گۆرانی بۆ هەموو کایەیەکی ژیان وتووە هەربۆیە پێویستی نەکردووە هونەرمەندی تر بناسم و گوێ لە کەسی تر بگرم، بەڵام لە پاڵ ئەویشدا (هایدە)ش کاریگەرییەکی کەمی نەبووە. داریوش پێی وایە کە ژیان لەنێوان ئەوەدایە کە دەبێت هەبێت و نابێت ببێت، ئەی خۆ منیش پێموایە کە بونی داریوش خۆی لەنێوان ئەوەدایە کە دەبێت هەبێت و نابێت ببێت. نەوەیەکی زۆر لەگەنجانی تاران و شارەکانی تری ئێران لەژێر کاریگەری دەنگ و بیرکردنەوەی داریوشدا روەو دونیای وجودیەت و بێهۆش بون و عەدەمییەت سەریان هەڵگرت و خۆیان بە ماددەی بێهۆشکەر موعتاد کرد. داریوش بەدەر لەوەی کە گۆرانیبێژە من وەك فەیلەسوفێکیش دەیبینم. هەر دەبوو ئەو زاتە لە نزیکەوە ببینم، ئاخر چیبکەم زۆر تامەزرۆی بووم هێندەی تامەزرۆی یەعقوبی نەبی بۆ یوسفی کوڕی. کاتێك زانیم لە نەورۆزی ئەمساڵدا (2010) لە ئەستەنبوڵ کۆنسێرت سازدەکات بەپەلە خۆم گەیاندە ئەوێندەر، هاوڕێکانم بە شێتیان دەدام لە قەڵەم، بەڵام هەستیان دەکرد کە شێتییەکی جوانە. ئەزانی لە کۆنسێرتەکەدا بە هەڵەداوان چومە ریزی پێشەوەو بەتەواوی لێی نزیك بومەوە؟ نازانم سەرو ریشە سپییە جوانەکەی وەك کەسێکی پیرۆزی دەنواند. کاتێك لە نزیکەوە بینیم و دەستم کرد بە گریان تەنها هەر خۆم دەمزانی بۆ دەگریم، من لەکاتی گریانەکەدا هەموو لەحزەکانی ژیانی داریوشم بیرکەوتەوە لەگەڵ ئەو شەوانەی کە بەدیار نۆشینی بادەوە گوێم لێڕادەگرت. ئەو ژنەی فلوتی بۆ دەژەند هەر ئەو ژنەبوو کە لەساڵی 1989دا لە کۆنسێرتەکانی لۆس ئەنجلس و سانفرانسیسکۆدا فلوتی بۆ دەژەند، تۆ تەماشا ئەو عەشقە جوانە کە ئەو ژنە هەیەتی بۆ داریوش و هونەرەکەی! ! لەوکاتەدا تەنها دەمویست تەماشای بکەم چونکە زۆربەی گۆرانییەکانیم لەبەر بوو. داریوش لەوێ بە هەمومانی وت: (من لە ژیانمدا سێ جار زیندانی کراوم، خۆشبەختانە ساڵی 2000 لە زیندانی سێهەمم ئازادکرام کە ئەویش ماددەی بێهۆشکەرو تلیاك بوو). دیارە داریوش تلیاکی بە زیندانی سێهەمین جاری وەسفکرد، چونکە لە راستیدا دووجار زیندانی کرابوو.

کاتێك کە گۆرانی دەوت من هەستم دەکرد کە زوو زوو ئاوی دەخواردەوەو پێموابوو کە ئەو پیاوە مەزنە تەنها لەبەر ڕێزی خەڵکی دەڵێت واز لە ماددەی بێهۆشکەر بهێنن و سەرقاڵی قەڵاچۆکردنییەتی، من دەزانم کەسی تلیاککێش زوو زوو تینوی دەبێت و زۆر چوست و چالاکیش دەبێت، هەڵسوکەوتی داریوش لەسەر شانۆکە لە جوڵەو هەڵسوکەوتی پیاوێکی (59) ساڵ نەدەچوو. بۆ وەڵامی پرسیارەکەت بەکورتی و بەدێرێك دەڵێم: داریوش... فێری کردم کە بزانم لە ژیاندا چ دەگوزەرێ و منیشی گواستەوە ناو خۆی.

**فریاد ئەحمەد: لەنێوان موعین و داریوش هەست بە دوو دونیا دەکرێت دنیای موعین دنیای گەشبینیە لەکاتێکدا داریوش ووریامان ئەکاتەوە لەو دەمامکە ساختەیەی دەیەوێ باس لە گەشبینی بکات، تۆچۆن دەتوانی لەیەك کاتدا لەسەر ئەو دووانە بنووسیت؟**

زمناکۆ بورهان قانع: باوەڕ ناکەم ڕۆژێك لە ڕۆژان چێژێکی لە رادەبەدەرم لە دەنگ و هونەری (موعین) وەرگرتبێت، عەشقی من هەرگیز بۆ ئەو نەبووە، بەڵام نکوڵی ناکرێت لە دەنگی بەسۆزی ئەویش. ئەو وتارەی لەسەر موعین نوسیم دیارە دوای ڕۆژێك بوو لەوەی کە چومە کۆنسێرتەکەی ئەویش. هەرکەسێك لەم دونیایەدا بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ جێگەدەستێك بەجێبهێڵێت من ڕێزی دەگرم. من وەك ڕێزێك بۆ موعین چومە کۆنسێرتەکەی چونکە چێژێکی زۆر وەردەگرم لە بینینی ئەو هونەرمەندە گەورانە، بۆ لەمەودواش ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان گوێ لە موعین بگرم تەنها گوێ لەو گۆرانیانەی دەگرم کە لە کۆنسێرتەکەیدا وتی بە تایبەتی گۆرانی (تلوعی من). وەك ڕێزلێنانێك بۆ ئەو هونەرمەندە گەورانە خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم کە تەمەن ڕێگەی پێداوم بۆ بینینیان. تۆ ئەگەر دیقەتت دابێت من چەندین جار لەسەر داریوشم نوسیوەو لە پێشەکی هەندێك شیعردا ئاماژەم بەگۆرانییەك یان وتەیەکی ئەو داوە، بەڵام بۆ موعین تەنها ئەوجارەبوو کە ئەویش شایەنی بوو، چونکە ئەو شەوەی کۆنسێرتەکە منی گەڕاندەوە بۆ منداڵی. ئینجا باوەڕ ناکەم دونیای موعینیش هێندە دونیایەکی پڕ لە گەشبینی بێت، تۆ بزانە

بـەهۆی دەنگـە بەسـۆزەکەیەوە چـەند عاشـقی سـەرگەردان کـردووە؟! بـەڵام داریـوش سەرەڕای ئەوەی تورت دەداتە ساحیلێکەوە کەچی کۆدی رزگاربونت بۆ ئاشکرا دەکـات. کەواتە لێگەڕی هاوڕێ موعین دابنێ بۆ عاشـقان و داریـوش–یـش بـۆ ئـەو نوخبەیـەی لـە پەیامەکەی تێدەگەن.